

## کەریم پەڕەنگ:

# بوونی دەقی وەرگێڕراو لە هەموو بوارێکدا هەوایەکی نوێیە و بۆ گەشەکردنی ئەدەبەکەمان گرنگە

**سازدانی: گەلاوێژی نوێ**

**کەریم پەڕەنگ لە نێو ئەدەبی کوردیدا، ناوێکی دیارەو ڕەنگە پێویست بە ناساندنی نەکات، چونکە بەهۆی نووسین و بەرهەمە وەرگێڕانەکانییەوە بووەتە هاوڕێی نزیکی خوێنەران و بە هەوڵ و خزمەتە بەرچاوەکانی کە پێشکەشی کردووین زۆربەمان دەیناسین.**
**پەڕەنگ تا ئێستا خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە (گوڵە ئەستێرە، هونەری ڕۆمان، عەتر، ڤاتسلاف، دایکە ئازا، بازنەی تەباشیری قەوقاز، ئەندۆرا، شڤایک لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، ژیانی گالیلای، مرۆڤە باشەکەی سێچوان، میراتنامە ناپاکی لێکراوەکان)... گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) بە پێویستی زانی سەبارەت بە ئەزموونی نووسین و وەرگێڕانی، ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ (کەریم پەڕەنگ)دا سازبدا...**

***پێمان خۆشە سەرەتایەکمان بۆ باس بکەی، کە چۆن هاتنە ناو بواری وەرگێڕانەوە؟**

-من خۆیشم بە تەواوی نازانم چۆن بیرم لە وەرگێڕان کردەوە، لە ساڵانی حەفتاکاندا هێشتا لە کوردستان دەژیام چەند شیعرێکم لە عەرەبییەوە وەرگێڕان و لە گۆڤار و بلاڤۆکەکانی ئەو سەردەمەدا بلاوم کردنەوە. ڕەنگبێ ئەو مەیلەم هەر لە سەرەتای دەست بە خوێندنەوە کردنم هەبووبێ، ئەو لەزەتەی خۆم لە دەقێکی دەبینم بە خەڵکی دیکەشی بگەیەنم و لە لەزەتبینیندا هاوبەشم بن. کە فێری زمانی ئەڵمانی بووم خەونم ئەوە بوو چەند دەقێک وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. لە سەرەتای دەست پێکردنمدا بە وەرگێڕان لە زمانی ئەڵمانییەوە شانۆنامەیەکم وەرگێڕا، بەڵام ئەوە پێش ڕاپەڕین بوو و بلاکردنەوەی دەقی کوردێکی تاراوگە لە وڵات زۆر زەحمەت بوو ئەگەر نەڵێین مەحاڵ بوو، پاشان چەند شیعرێکم لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕا و لە بڵاوکراوەکانی کوردستاندا بڵاوکرانەوە. پێش دەرچوونیشم چەند شیعرێکی جیهانیم لە عەرەبییەوە وەرگێڕابوو. ساڵانی هەشتاکان بڵاوکراوەی کوردی لە ئەوروپا کەم بوو و ئەو بڵاوکراوانەش کە لە ئارادا بوون زیاتر بایەخیان بە سیاسەت دەدا و زۆر سنووردار بوون و زۆر جار سنوورەکانی ئەو وڵاتەیان تێنەدەپەڕەندا کە لێی دەردەچوون، ئەمەش پاڵنەر نەبوو بۆ بەردەوامی. زۆر جار مرۆڤ دڕدۆنگ دەبوو کاتێ دەینووسی و دەرووپەک نەبوو تێیدا دەنگی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێ و دەبوو دەقەکانی چەندان ساڵ لە ناو چەکمەجەکانیدا زەردهەڵگەڕێن و لە کاتی ماڵ گواستنەوەشدا دەبوونە بارێکی قورس. ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە نووسین خۆم بە دوور بگرم. لە پاش ڕاپەڕین و زۆربوونی دەزگای بڵاوکردنەوە دەرووپەک لە بەردەم نووسەراندا کرایەوە بۆ بەردەوامبوون و بڕیام دا چەند دەقێکی کە خۆم چێژم لێ بینبوون و بۆ خوێنەری کوردم بە پێویست دەزانی وەرم گێڕان یان لە پرۆژەمدایە لە ئایندەدا وەریانگێڕم.

لە سەرەتادا ئەو کتێبانەی بە کوردی دەستم دەکەوتن و لە زمانە بێگانەکانەوە وەرگێڕدرابوون لە گەڵ دەقە ئەڵمانییەکاندا بەراوردم کردن، ئەمە بۆ من ئەزموونێکی گەورە بوو و زۆر شتیان لیوە فێر بووم. نەک بەو مانایەی فێر بووم چۆن وەربگێڕم، بەڵکو بەو مانایەی چۆن وەرنەگێڕم.

زۆر جار دەقە کوردییەکان زۆر دوور بوون لەو دەقانەی لێیانەوە وەرگێڕابوون، بەڵام بە کوردییەکی بێ خەل و خەوش نووسرابوون، وەرگێڕەکان لەبەر

# گفتوگۆ

بێ فەرهەنگی یان لە بەر خۆ دزینەوە زۆر جار ناوی ئەو درەخت و مەل و دیاردانەی دیکەی سروشت لە کۆڵی خۆیانیان کردبوونەوە و ئیدی مانایەکیان بە کوردی نووسیبوو کە لە گەڵ دەقە ئەسڵییەکە یان وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەدا نەدەگونجان.

بەڵام ئەمە تەنیا وەرگێڕانی کوردی ناگرێتەوە. لە بیرمە یەکێک لەو گوتارانەی سارتەر کە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان زۆر پێی سەرسام بووم «مادییەت و شۆڕش بوو»، وەکو لاوێکی خوێنگەرم زۆر بڕگەم هەر لەبەر بوو. هەتا ڕۆژێک کتێبەکەم بە ئەڵمانی خوێندەوە و بۆم دەرکەوت ئەوەی لە شەش یان حەوت ساڵ پتر مشتومڕم لە سەر دەکرد و بە عەرەبی خوێندبوومەوە پێم لە سەر دادەگرت شۆڕش بوو لە فەلسەفەدا، گوتارەکەش بە عەرەبی ناوی «شۆڕشی فەلسەفە» بوو، بەڵام پاش ئەو هەموو ساڵە بۆم دەرکەوت سارتەر هەرگیز گوتارێکی بەو ناوەوە نەنوسیوە، بەڵکو «فەلسەفەی شۆڕش»ی نووسیوە.

***وەک دەزانین تۆ زیاتر گرنگی بە وەرگێڕانی ئەدەبی دەدەیت، ئەکرێ بزانین وەرگێڕانی ئەدەبی جیهانی بۆ ئێمەی کورد چ گرنگی و بەهایەکی هەیە؟**

-بوونی دەقی وەرگێڕراو لە هەموو بوارێکدا هەوایەکی نوێیە و بۆ گەشەکردنی ئەدەبەکەمان گرنگە، بەڵام ئەدەب لە هەموو کایەکانی دیکە لە ڕوحی منەوە نزیکترە. وەرگێڕان کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێیە بە ڕووی جیهاندا و موتوربەکردنی ئەدەبە بە ڕۆحی نوێ. گواستنەوەی وێنەی کولتوورێکی دیکەیە بۆ کولتووری زمانی خۆ.

بەوە دەچێ مرۆڤ هەر لە بوونییەوە کۆنجکۆڵی و زانخوازی بەشێک لە ڕۆحی پێک بهێنێ و هەمیشە لە گەڕاندا بووە بە دوای شتی نامۆدا. ئەمەش هەر بواری ئەدەب ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێ. دۆزینەوەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆلۆمبوس بەڕێوەبوو بەرەو هیندستان بۆ هێنانی بەهارات و ئاورێشم. خۆ ئیسپانییەکان بە بێ بەهاراتیش لە برساندا نەدەمردن یان بە بێ ئاورێشمیش لە سەرمادا ڕەق نەدەبوونەوە. بەڵام مرۆڤ هەمیشە حەز بە شتێک دەکا کە لە پاڵ شتەکانی خۆیەوە پێویستییەکانی ژیانی خۆی بۆ پڕ بکاتەوە. ئەگەر مرۆڤێک لە حەوشەکەی خۆیدا دارتوویەک یان دارهەنجیرێکی هەبێ و لەو بڕوایەدا بێ بە درێژایی ژیانی ئەو تاقە دارە بەسیەتی بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خۆی پێ مەیسەر بکات ئەوا خۆی تووشی وەهمێکی گەورە دەکا، چونکە لەشی مرۆڤ پێویستی بە لە توو یان هەنجیر زیاتر هەیە و بە تەنیا خواردنی توو یان هەنجیر ناتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. بەڵام ئەگەر هەمان مرۆڤ گەنم تۆو بکات، دارگێلاس و دارهەنجیر و دارسێو و هتد. بچێنێ، بێگومان ڕەنگبێ بتوانێ بڵێ تا ڕادەیەک ژیانی خۆم مەیسەر کردووە، بەڵام هەر ئەم مرۆڤە پێویستی بە ڤیتامینی دیکە هەیە، ڕەنگە هەموو ڤیتامینەکان لە بەری دارستان و بێستان و کێڵگە و ڕەز و مەرەزەکەیدا خۆیدا هەبن، بەڵام هێشتا قنیات بەم شتانە نەک و بە دوای سەوزە و میوەی نامۆ و دوورەدەستدا دەگەڕێ، ڕەنگ بێ کەشی وڵاتەکەی گونجاو نەبێ بۆ ئەوەی دارپرتەقاڵ، دارمۆز، دارخورما یان دارسێو بەخێو بکات، بۆیە بە ناچاری ڕوو لە شوێنی دیکە دەکا بۆ پەیداکردنی

# وەرگێڕان کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێیە بە ڕووی جیهاندا و موتوربەکردنی ئەدەبە بە ڕۆحی نوێ

ئەو پێوستیانە. دەتوانین ئەم بیرکردنەوانە بۆ بواری ئەدەبیش بگوازینەوە. مرۆڤ ناتوانێ دەرگاو پەنجەرە لە خۆی دابخا و لەو بڕوایەدا بێت ئەو ئۆکسجینەی لە ژوورەیەکدا پەنگی خواردووەتەوە بۆ هەتا هەتایە بەسیەتی. وەرگێڕان میوەی نوێیە، پەنجەرەیە بە ڕووی هەوای نوێدا، ئەو میوە نامۆیانەن کە ئێمە پیویستمان پێیانە و لە پاڵ میوە خۆماڵییەکانەوە گەشە بە ڕوحمان دەدەن. هەتا کتێبخانەی نەتەوەیەک دەوڵەمەندتر بێت، پتر چاوەڕوانی داهێنانی باشتری لێدەکرێ وەکو کتێبخانەیەکی هەژار، هەتا بوارەکانی بیرکردنەوە ڕەنگاوڕەنگتر بن خوێنەری ئەو گەلە فرەڕەهەندتر و ئاسۆی بیریان فراوانتر دەبێ، توانای کرانەوەی بە ڕووی دنیادا زۆرتر دەبێ. هەتا تێکستی ڕەنگاوڕەنگت کەمتر بێ، بێدەنگی زۆرتر دەبێ. ئەدەبی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی، تەنانەت عەرەبی و فارسیش ڕەنگ بێ بتوانن بە بێ وەرگێڕان دەربەرن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری وەرگێڕان نابن. وەرگێڕان چالاکییەکی مەعریفییە وەکو داهێنانەکانی خۆیان. من ئەمڕۆ پێویست ناکات فێری ئیسپانی بم بۆ ئەوەی کارەکانی مارکیز، یۆسا، یان زافۆن بخوێنمەوە. پێویست ناکات فێری پورتوگالی بم بۆ ئەوەی ساراماگۆ، ئەنتونەس یان کۆیلۆ بخوێنمەوە، پێویست ناکات فێری تورکی بم بۆ ئەوەی یەشار کەمال یان ئۆرهان پاموک بخوێنمەوە، من پێویست بەوە ناکات فێری چیکی بم بۆ ئەوەی میلان کوندێرا یان پاڤێک کۆهوت بە چیکی بخوێنمەوە، پێویست ناکات فێری فەرەنسی بم بۆ ئەوەی، کوندێرا، تاهیر بن جەلون یان ئەمین مەعلوف بە فەرەنسی بخوێنمەوە. تەنانەت پێش ئەوەی ڕۆمانەکانی علاء الاسوانی بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕدرێن بە ئەڵمانی هەبوون.

ئێستا لە کوردستانی باشووردا خەڵکێکی زۆر جگە لە زمانی کوردی زیاتر هیچ زمانێکی دیکە نازانن، لە بەر ئەوەش لە ناوچەکەدا هیچ گەلێک نییە لە دەقدا لە ئێمە هەژارتر بێ، بۆیە لە هەموو ئەو گەلانەی دەروبەرمان زیاتر پێویستمان بە دەقی نوێ و وەرگێڕراو هەیە.

من بە ئەدەب دەستم بە خوێندنەوە کردووە، بە شیعر پێم خستە نێو جیهانی داهێنانەوە، ئێستاش بەشی هەرە گەورەی خوێندنەوە و سەرچاوەی ڕۆشنبیریم ئەدەبە، هەر لەبەر ئەوەشە زیاتر بایەخ بە وەرگێڕانی ئەدەبی دەدەم. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هیچ دەلاقەیەکم بە ڕووی بوارەکانی دیکەی نووسیندا نەکردووەتەوە و شێوازەکانی دیکەم پەراوێز خستووە. بەڵام دەبێ ددانی پێدا بنێم، ئەو هەلومەرجەی ژیانم کە ئێستا تێیدا دەژیم وا دەکا وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی کەمتر تووشی ماندووبوونم بکا وەکو دەقێک لە بوارێکی دیکەدا. وەکو پێشووتر ئاماژەم بۆ کرد، من لەنێو جیهانی ئەدەبدا پێڕەوکە بوومە و گەورە بووم.

زمان خۆی لە خۆیدا لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەوڵەمەند دەبێ، وەرگێڕان کردەیەکی ڕووکەش نییە بۆ کات بەسەربردن، بەڵکو وەرگێڕان ئەو هونەرە، زانستە، پرۆسیسەیە کە ئێمە لە ڕێیەوە دەتوانین بە جیهان ئاشنا بین، پردێکە بۆ پەڕینەوە بۆ بەری ئەوانی دیکە، گەروویەکی دووەمە بۆ هەڵمژینی هەوای دیکە. پێوەرێکە بۆ بەراوردکردنی خۆمان بەوانی دیکە، لە سەرووی ئەمانەشەوە وەرگێڕان نەک تەنیا کتێبخانە، بەڵکو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی

مرۆڤ ناتوانێ دەرگاو پەنجەرە لە خۆی دابخا و لەو بڕوایەدا بێت ئەو ئۆکسجینەی لە ژوورەیەکدا پەنگی خواردووەتەوە بۆ هەتا هەتایە بەسیەتی. وەرگێڕان میوەی نوێیە، پەنجەرەیە بە ڕووی هەوای نوێدا، ئەو میوە نامۆیانەن کە ئێمە پیویستمان پێیانە و لە پاڵ میوە خۆماڵییەکانەوە گەشە بە ڕوحمان دەدەن

# گفتوگۆ

زمانیش. وەرگێڕان ناچارمان دەکا خۆمان لە وشە، ڕستە، دەستەواژە، چەمک و ئیدیۆمی وا بدەین و بە دوای مانا و هاوواتاکانیدا بگەڕێین کە لە کاتی نووسینی خۆماڵیدا خۆمانیان لێ لابدەین یان هەر بەزەینماندا نەیەن بۆ بەکارهێنانی.

***مەرجە وەرگێڕ تەنها ئەو کتێبانە وەرگێڕێت کە نووسەرەکانیان خاوەنی پێگەی ئەدەبین، یاخود دەکرێت وەرگێڕ کتێبی نووسەرێک بناسێنێت، کە کەمترین تیشکی لەسەرە، بەڵام کتێبەکەی لە ڕووی بەهای ئەدەبییەوە لە ئاستێکی بەرزدایە؟**

-ئەم پرسیارە مایەی سەرنجە، لەبەر ئەوەی پرسیارێکی گرنگە. حەز دەکەم هەر وا سەرپێیی وەڵامی نەدەمەوە. کە نووسەر خاوەنی پێگەی ئەدەبی بوو، خۆی لەگەڵ ناوەکەی خۆیدا پسوولەی پەڕینەوەی لە گیرفاندایە. ئەم پێگە تایبەتەی ناوبانگ جۆرە ئیمتازێک بە نووسەرەکە دەبەخشێ کە ئیتر ڕەتکردنەوەی مەحاڵ بێ یان هەروا شتێکی ئاسان نەبێ. زۆربەی ئەو نووسەرانەش خاوەنی پێگەی ئەدەبین لە خۆڕا ئەو پێگەیەیان بە دەست نەهێناوە. ڕاستە زۆر جار دەقێک دەخوێنینەوە کە ڕەنگبێ پێشتر ناوی نووسەرەکەیمان نەبیستبێ. نووسینی وەرگێڕێکی کوردم خوێندەوە، باسی دەقێک دەکا کە نەیبینوە، بەڵام بە دوایدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی وەری بگێڕێ، ئەمە تەنیا پێگەی ئەدەبیبە ئەو کاریزمایە دەبەخشێتە نووسەرێک. حەز دەکەم لێرەدا دوو نموونە بهێنمەوە، ڕووداونامەی کوشتنێکی ڕاگەیەندراو، هی مارکیز نەبوایە ڕەنگە زۆر بە زەحمەت دەزگایەک وەرگێڕانەکەی بڵاوبکرایەوە. جەودەت و کوڕەکانی ئۆرهان پاموک وەرنەدەگێڕدایە هیچ زمانێ ئەگەر پاموک خەڵاتی نۆبڵێ پێ نەبەخشرایە. ساڵانێکی زۆریش پاموک خۆی ڕازی نەدەبوو جەودەت و کوڕەکانی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی دیکە.

بۆ نموونە هەڵبژاردنی من بۆ وەرگێڕانی گوتارەکانی کوندێرا تاقە هۆکار و پاڵنەر ناوبانگی کوندێرا نەبووە نییە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوە بووە کوندێرا وەکو ڕۆماننووسێک و پێڕۆکارێک بیروڕای خۆی دوور لە مێژوووینووسی ڕۆمان و تیۆری وشک نووسیوەتەوە. من ئەگەر کتێبی هەر نووسەرێکی دیکەم بخوێندبایەوە کە وەکو کتێبەکانی کوندێرا بە دڵم بوونایە ئەوە لە بەردەممدا نەدەبووە کۆسپ کە نووسەرەکەی نەناسراوە. پێگەی ئەدەبیش ئەوە ناگەیەنێ کە خاوەنی پێگەکە هەمیشە شتی جوانی نووسیوە یان دەنووسێ. بۆ ئایندەش چەند دەقێکم هەڵبژاردووە کە نووسەرەکانیان بەناوبانگ نین، یان بە لای کەمەوە لە لای ئێمە ناسراو نین. مەرج نییە نووسەری باش هەمیشە دەقی باش بنووسێ. کوندێرا دەڵێ: «ڕۆماننووسێکی قسەکەر لە بارەی هونەری ڕۆمانەوە کەمێک جیاوازە وەکو لە پرۆفیسۆرێک لە سەر دوانگەوە وانەبێژ»

***پێویستە وەرگێڕ چی بکات بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە و زمانێکی ڕەوانی دەقی وەرگێڕدراو پێشکەش بە خوێنەرانی زمانەکەی خۆی بکات؟**

-پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە حەز دەکەم ئێستێک بکەم، بۆ ئەوەی کە باسی وەرگێڕان دەکەین بزانین مەبەستمان لە وەرگێڕان چییە؟ ئایا وەرگێڕان گواستنەوەی کۆدی زمانێکە بۆ کۆدی زمانێکی دیکە، واتە وەرگێڕانی وشە بە وشەی دەقێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، یان گواستنەوەی مانایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی

# هەتا تێکستی ڕەنگاوڕەنگت کەمتر بێ، بێدەنگی زۆرتر دەبێ

دیکە. ئێکۆ دەڵێ، ئاسانترین و یەکەم پێناسە بۆ وەرگێڕان ئەوەیە: هەمان شت بە زمانێکی دیکە بوترێ. بەڵام بەداخەوە شتەکە وایە، یەکەم ئێمە بێ قەید و شەرت ناتوانین بڵێین، هەمان شت وتن چی دەگەیەنێ. دووەم لە ڕێی ئەو دەقەی وەری دەگێڕین هەمیشە نازانین، لە ڕاستیدا چی دەبێ بوترێ، سێیەم، لە هەندێ حاڵەتدا نازانین، وتن چی دەگەیەنێ. هەندێ جار ئێمە لە زمانەکەمان وشەیەکمان بۆ وشەیەکی زمانی ئەڵمانی نییە و دەبێ ئەو وشەیە بە نیو ڕستە ڕوون بکرێتەوە، ئایا ئەمە وتنی هەمان شتە بە کوردی؟ من لەو بڕوایەدام نەک هەر زمانێکی هەژاری وەکو زمانی کوردی، بەڵکو دەوڵەمەندترین زمانی هەموو دنیا دەڕۆستی ئەوە نەیەت دەقێک وەکو خۆی وەرگێڕێتە سەر زمانەکەی، هەرچی چەندە وەرگێڕ دوو زمانەکە بە باشی بزانێ. ئێمە دەتوانین وەرگێڕان بە پالیمپسێتە بەراورد بکەین. پالیمپێست پێستە یان تەختەبەردێکە کە چەند جار شتی لەسەر نووسرابێ و کوژێنرابێتەوە، بەڵام نووسینە کۆنەکەی وەکو کلێشە هێشتا پێوە دیار بێ.

وەرگێڕ لە نێوان دوو بەرداشدایە، لە لایەکەوە بەرداشی «دەستپاکی» لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا، لە لایەکی دیکەوە «زمانی ڕەوان»ی دەقە وەرگێڕادراوەکە. وەرگێڕان زانستە، زانستی ڕاڤەکردن و دەبێ هەمیشە ئامانجی ئەوە بێ هەتا بکرێ مانای دەقە ئەسڵییەکە بە زمانێکی پاراو بە خوێنەر بگەیەنێ، واتە هەرچی چەندە ڕەچاوی زمانی بۆ وەرگێڕدراویش بکرێ نابێ دەقە ئەسڵییەکە ببێتە قوربانی.

هێرۆنیمۆس دەڵێ: «وەرگێڕان ئەوە نییە وشە بە وشە، بەڵکو مانا بە مانا گوزارشتی لێبکرێ.»

لە زۆر لە زمانە ئەوروپییەکاندا ئیدیۆمی «لە دەستەوە بۆ دەم دەژی» هەیە، ئەمە ئاماژەیە بۆ یەکێک بیر لە ئایندە نەکاتەوە و هەرچی هەیە و نییە ئەمڕۆ دەیخوا. ئێمە ئەم ئیدیۆمەمان لە زمانی کوردیدا نییە، وەرگێڕێکی کورد ئەوەندە دەستپاک بووە لە گەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا ئیدیۆمەکەی حەرفی وەرگێڕاوە. ئێکۆ دەڵێ: «وەرگێڕان واتە، لە سیستەمی ناوەوەی زمانێک و بنەمای دەقێکی بەم زمانە داڕێژراوە تێبگەیت و ئەمجا دەبڵێک (کۆپی)یەکی ئەم سیستەمی دەقە بخوڵقێنی کە بتوانێ لە لای خوێنەر کاریگەریی هاوشێوە بەرهەم بهێنێ، هاوشێوە لە ئاستی سیمانتیکی و سینتاکسدا هەروەکو لە ئاستی شێواز، داڕشتن، ڕەمزە سیمبۆڵییەکان و هەژانی هەست، کە دەقە ئەسڵییەکە دەیەوێ بیوروژێنێ.»

وەرگێڕ دەرگیری دڵسۆزیی بۆ تێکستە ئەسڵییەکە و زمانی ڕەوانی دەقە وەرگێڕدراوەکەیە. لە لایەکەوە دەبێ هەتا دەتوانێ لە دەقە ئەسڵییەکە لا نەدات و وابەستەی دەقە ئەسڵییەکە بێ، لە لایەکی دیکەوە خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە وا هەست بکا بە زمانی خۆی نووسراوە و ئەو پەیامەی نووسەری دەقە ئەسڵەییەکە دەیەوێ بیگەیەنێ بۆ زمانە بۆ وەرگێڕدراوەکە بگوێزرێتەوە، ئەمەش لە هەندێ حاڵەتدا زۆر لەوە قورستر و مەحاڵترە کە مرۆڤ دەتوانێ وێنای بکات. زۆر جار لە کاتی وەرگێڕاندا دەقە وەرگێڕاوەکە ئەو مانایە بە ئاسانی بە دەستەوە نادا کە دەقە ئەسڵییەکە مەبەستییەتی، بۆیە کەوتووەتە سەر سەلیقە و توانای وەرگێڕەکە چۆن مامەڵە لەگەڵ حاڵاتێکی وادا دەکا. زۆر

وەرگێڕان کردەیەکی ڕووکەش نییە بۆ کات بەسەربردن، بەڵکو وەرگێڕان ئەو هونەرە، زانستە، پرۆسیسەیە کە ئێمە لە ڕێیەوە دەتوانین بە جیهان ئاشنا بین، پردێکە بۆ پەڕینەوە بۆ بەری ئەوانی دیکە، گەرووپەکی دووەمە بۆ هەڵمژینی هەوای دیکە. پێوەرێکە بۆ بەراوردکردنی خۆمان بەوانی دیکە، لە سەرووی ئەمانەشەوە وەرگێڕان نەک تەنیا کتێبخانە، بەڵکو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانیش

# گفتوگۆ

جار نەبوونی مانایەک  بۆ وشەیەکی دیاریکراو لە زمانەکەماندا وەرگێڕ تووشی گێرمەوکێشە دەکا. نەبوونی فەرهەنگ، یان با بڵێین فەرهەنگی باش لە زمانەکەماندا کێشەیەکی گەورەی بۆ وەرگێڕ دروست کردووە.

***ئایا بە تەنها شارەزابوونی زمان بەسە بۆ ئەوەی کاری وەرگێڕان ئەنجام بدرێت، یان مەرجی تریش پێویستە کە دەبێت لە وەرگێڕی سەرکەوتوودا هەبێت؟**

-شارەزابوونی دوو زمان مەرجێکی زۆر گرنگە بۆ وەرگێڕان، بەڵام زانینی زمان یەکێکە لە پێکهاتەکان بۆ ئەوەی وەرگێڕان ئەنجام بدرێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هەر کەسێک دوو زمانی بە باشی زانی ئەوا دەبێتە وەرگێڕ یان وەرگێڕێکی باش. بێگومان ئەگەر یەکێک زمانی فارسی و زمانی کوردی نەزانێ ناتوانێ لە فارسییەوە دەقێک بۆ کوردی وەربگێڕێ (با ئێمە لێرەدا ئەو حاڵەتە ئاوارتەیە ڕەچاو نەکەین، کە لە دونیای ئێمەدا خەڵکی بە جەرگ هەیە بە بێ ئەوەی ڕێزمانی هیچ یەکێک لەو زمانانە بزانێ، شان دەداتە بەر وەرگێڕان)، جارێکیان کوردێکی ڕۆژهەڵات گوتبووی کوردی ئەودیو (مەبەست کوردی باشوورە) بە فڕۆکەش بەسەر ئێراندا تێپەڕێ لە فارسییەوە تێکست وەردەگێڕێ. ئەگەر ژنێکی فارس شوو بە پیاوێکی کورد بکات و منداڵیان ببێت و ژنەکە لەگەڵ منداڵەکەی بە فارسی قسە بکات و پیاوەکە بە کوردی، ڕەنگبێ منداڵەکە هەردوو زمانەکە بە بێ خەوش بزانێ، بەڵام ئەمە گەرەنتیی ئەوە نییە کە منداڵەکە دەتوانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە وەرگێڕێکی باش، چونکە وەرگێڕان لە زمان زانین زۆرترە، وەرگێڕ دەبێ بە قووڵی بە ناخی زماندا بچێت، بتوانێ گەمە لە هەردوو زمانەکەدا بکات، بچێتە بنجوبناوانی نهێنیی هەردوو زمانەکە. مرۆڤ لە کاتی وەرگێڕاندا نهێنیی هەردوو زمانەکەی بە باشی بۆ دەرکەوێ، چ لایەنە بەهێز و لاوازەکانی زمانە ئەسڵییەکە و چ لایەنە بەهێز و لاوازەکانی زمانە بۆ وەرگێڕاوەکە بە باشی بزانێ. ئەگەر هەرچی وشە هەیە لە فەرهەنگی دوو زماندا و ڕێزمانی دوو زمان بە سەرومڕی بەشی ئەوە ناکات مرۆڤ پێی وەربگێڕێ، زانینی دوو زمان بەس نییە بۆ وەرگێڕان. وەرگێڕان بیرکردنەوەیە بە دوو زمان، خەون بینینە بە دوو زمان.

یەکێک دوو زمان بزانێ دەتوانێ لە جادە لەگەڵ خەڵکی بە هەردوو زمانەکە گفتوگۆ بکات، بەڵام لە توانایدا نەبێ ئاسانترین دەق لە هیچ یەکێک لەو زمانانەوە بۆ زمانەکەی دیکە وەربگێڕێ.

***بۆچی لای ئێمە کەمتر دەق و نووسراوی کوردی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر، ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی ئەدەبێکی باڵا نین، کە شایەنی ئەوەبێت بچێتە ناو زمان و فەرهەنگەکانی دیکەوە؟**

-زمانەکەمان هەتا ئێستا بەسەر چەندان دیالێکی جیاوازدا دابەش بووە، ئەو زاراوەیەی زیاتر لە هەموو زاراوەکانی دیکە پتر دەقی پێ نووسراوە زاراوەی کرمانجی خواروو یان ئەوەی بە هەڵە پێی دەوترێ سۆرانی، ئەم زاراوەیە نزیکەی دوو سەد ساڵە لە گەشەکردن و گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم زاراوەیە بێخەوشە و کەموکوڕیی نییە، بەڵام هەموو خەسڵەتەکانی زمانی ستانداری لەخۆ گرتووە. تەنیا لەم بیست ساڵەی دواییدا خەریکە ئەم زمانە هەناسەی ئازاد

# نەبوونی فەرهەنگ، یان با بڵێین فەرهەنگی باش لە زمانەکەماندا کێشەیەکی گەورەی بۆ وەرگێڕ دروست کردووە

دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕووبەڕووی شێوان بووەتەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە زمانێکی ستاندارد و ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە. ئێمە لە باشووری کوردستان دوو شێوە زاراوەمان هەیە بە پیتی کوردی (سۆرانی و بادینانی)، لە باکووری کوردستان دوو زارەوەی سەرەکیمان هەیە بە پیتی لاتینی (بێگومان لاتینی بۆ ئەم پیتە لاتینییە بە تورکیکراوە هەڵەیە)، کوردەکانی سۆڤیەتی کۆن بە پیتی کریلیک دەنووسن. کوردی ڕۆژهەڵات بە پیتی کوردی دەنووسن، ئەگەر دەقی نایابیشمان هەبوایە، خەڵکی بێگانە فێری چ زاراوەیەکی کوردی بێت بۆ ئەوەی دەقێکی لێوە هەڵبژێرێ و بۆ زمانەکەی خۆی وەرگێڕێ. با باسی ئەزموونێکی خۆمتان بۆ بکەم. ساڵی ١٩٨٠ تازە گەیشتبوومە نەمسا، لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران کچێکی نەمساوی زۆر بە جدی دەیویست لە ئێمەوە فێری کوردی بێت. چەند کوردێک لەگەڵی لە ژووری تەلەفزیۆن دانیشتبووین و هەر وشەیەکی لێ دەپرسین ماناکەیمان پێی دەوت و لە دەفتەرێکدا دەینووسییەوە. نازانم چەندەم ڕۆژی بوو فێری زمانی کوردی دەبوو، لە پڕ وشەی «زۆنە»ی پرسی، یەکێک لە هاوڕێکانمان گوتی: «خۆر»، یەکێک وتی نەخێر «خۆر» هەڵەیە و «هەتاو» تەواوە، یەکێکی دیکە هەڵیدایێ و وتی نەخێر با کچەکە بە هەڵە فێری کوردی نەبێ و «ڕۆژ» تەواوە، مشتومڕێکی زۆریان لە نێواندا دروست بوو، من و هاوڕێیەکی دیکە وتمان، ئەوانە هاوواتان و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێن، بەڵام بێ ئاکام بوو، کچە دەفتەرەکەی داخست و وتی هەر کاتێک لە نێوان خۆتاندا ڕێک کەوتن، بە «زۆنە» بە کوردی چی دەوترێ منیش درێژەی پێ دەدەم. بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو، خوێن لە نێوان هاوڕێیاندا نەڕژا. ئەمە نموونەیەک بوو. نەبوونی فەرهەنگ و کتێبی فیربوونیش بە زمانە ئەوروپییەکان بۆ فێربوونی زمانی کوردی کێشەیەکی دیکەیە.

من بۆ خۆم ڕام وا نییە کە بێگانەیەک فێری زمانێکی بێگانە بێ دەبێتە وەرگێڕێکی باش، چونکە وەرگێڕ دەبێ بۆ زمانی زگماکی خۆی وەربگێڕی نەک لە زمانی زگماکی خۆیەوە بۆ زمانێکی بێگانە. ئەو زمانە کوردییەی لە بیست ساڵی یەکەمی ژیانمدا لە کەرکوک فێری بووم و لەگەڵ دایک و باوک و کەس و کار و هاوڕێکانمدا پێی دواوم لەم سی و یەک ساڵەی ژیانمدا ئەوەندە فێری ئەڵمانی نەبووم و لەمەودواش فێر نەبم، ئەو گوزارشتەی دەتوانم بە زمانی کوردی لە هەست و نەستەکانمی بکەم بە ئەڵمانی ناتوانم بیکەم، ئەو ڕستەسازی و وشەئارایی و ئیدیۆمانەی دەتوانم بە کوردی بەکاریان بهێنم ناتوانم بە ئەڵمانی بەکاریان بهێنم. لەو بڕوایەدام ئەمە بۆ خەڵکی دیکەش وا بێ.

زۆربەی ئەزموونی وەرگێڕانی دنیاش وایە، واتە بێگانەیەک فێری زمانێکی دیکە دەبێ و لەو زمانەوە بۆ زمانە زگماکەکەی دەق وەردەگێڕێ، چونکە هەموو زمانێک کۆمەڵێک نهێنی و گەمەی لە خۆیدا حەشارداوە مرۆڤ تەنیا بە زگماک و بە منداڵی و لە دایک و باوک و دەوروبەرەوە فێریان دەبێت. حەز دەکەم چەند نموونەیەک لە وەرگێڕان بۆ زمانی ئەڵمانی بۆ خوێنەران بهێنمەوە. کارلۆس لویس زافۆن چەند ڕۆمانێکی بۆ مێردمنداڵان و سێ ڕۆمانی بۆ گەورە نووسیوە، ئەوە پیتەر شڤاری ئەڵمانە ڕۆمانەکانی لە ئیسپانییەوە بۆ

> زۆر جار لە کاتی وەرگێڕاندا دەقە وەرگێڕاوەکە ئەو مانایە بە ئاسانی بە دەستەوە نادا کە دەقە ئەسڵییەکە مەبەستییەتی، بۆیە کەوتووەتە سەر سەلیقە و توانای وەرگێڕەکە چۆن مامەڵە لەگەڵ حاڵاتێکی وادا دەکا

ئەڵمانی وەرگێڕاوە، نەکو ئیسپانییەکی ئەڵمانیزان وەریگێڕابن. زۆربەری ڕۆمانەکانی پاموک گێرهارد مایەری ئەڵمان وەریگێڕاون نەک تورکێکی فێری ئەڵمانی بووبێ، ڕۆمانەکانی (گابریل گارسیا مارکیز) داگمار پلوێتس و کورت مایەر کلاسن بۆ ئەڵمانییان وەرگێڕاون نەک ئسیپانی ئەڵمانیزان. ئەوە ئولی ئاومویلەری ژنە ئەڵمانە کارەکانی میلان کوندێرا لە فەڕەسنییەوە وەردەگێڕێ، نەک فەرەنسییەکی ئەڵمانیزان. ئەوە بێرنهارد کروێبەری ئەڵمانە کارەکانی ئومبێرتۆ ئێکۆ دەکاتە ئەڵمانی نەک ئیتاڵییەکی ئەڵمانیزان. دەتوانم دەیان نموونەی دیکەت بۆ بهێنمەوە وەکو کارەکانی یەشار کەمال، مەحمودی دەوڵەتئابادی، یۆسا، هتد. بۆ زمانەکانی دیکەش نموونەی زۆرم لەلایە، بەڵام نامەوێ درێژە بە لیستەکە بدەم. بێگومان نموونەیەکی کەمیشم لە لایە. ڕۆمانە نوێیەکەی دەوڵەت ئابادی، ژەنەراڵ، بەهمەن نیرومەند لە فارسییەوە وەری گێڕاوە، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی زۆر ناوازەیە و لەبەر ئەوەی سانسۆر لە ئێران مۆڵەتی بڵاوکرنەوەی کتێبەکەی نەداوە، هەر لە دەستنووسەوە کراوەتە ئەڵمانی نەک لە کتێبەوە.

بۆ نیوەی دووەمی پرسیارەکەت، مەسەلەکە پێوەندیی بەوەوە نییە کە ئێمە خاوەنی دەقی باڵا نین کە شایانی ئەوە بێت وەربگێڕدرێ، چونکە دەقگەلێکی زۆر خراپ لە زمانەکانی دیکەشەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکانی ئەوروپا. من وای دەبینم ئەگەر ئێمە دەنگی باشیشمان هەبێ و چەند ئەوروپییەکیش فێری زمانەکەمان بن، ڕەنگبێ دەقەکانمان بۆ وەرگێڕان نەگونجێن، ئەمە مانای ئەوە نییە دەقگەلی خراپن، بەڵکو وەرگێڕ هەمیشە شەن و کەوی ئەوە دەکا خوێنەرێکی زۆر بەرهەمەکەی بخوێننەوە، دەزگای بڵاوکردنەوە لە هۆڵی ئەوەدایە بەرهەمەکە زۆری لی بفرۆشرێ. من نامەوێ حوکمی موتەڵەق بدەم، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەگەر دەقی باشیشمان هەبێ، جگە لەوەی لە پەنجەی دەستێک تێپەڕ ناکەن، ئەگەر وەریش بگێڕدرێنە سەر زمانەکانی ڕۆژئاوا ڕەنگبێ وەرگێڕ یان دەزگای بڵاوکرنەوە داوای لابردنی بەش و بڕگە و ڕستە و وشەیەکی زۆر بکەن بۆ ئەوەی ڕۆمانەکە بگاتە قاڵبێکی وا کە لە لایەن خوێنەری ڕۆژئاواوە بخوێنرێتەوە. من لەو بڕوایەدا نیم یەشار کەمال بە لابردنی تاقە وشەیەکی ڕازی بێ، بەڵام هەر ڕۆمانێکی دەکرێتە ئەڵمانی ڕەخنەگرە ئەڵمانەکان نزیکە یەک دەنگ دەڵێن، زۆر درێژدادڕە، زۆر شوێن و دیمەنی دووبارەی، وەسفەکانی درێژن و ڕووداویان کەم تێدایە، یان چەندان لاپەڕە لە سەر یەک هیچ ڕوو نادا جگە لە وەسف. من لەو بڕوایەدام زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئێمە یان زۆر دەڤەرگەرا نووسراون و توانای ئەوەیان نییە سنووری کوردستان یان بەشێکی کوردستان ببەزێنن و بۆ خوێنەری شوێنی دیکە ناگونجێن، یان گەردوونگەرا نووسراون و بۆ خوێنەری ڕۆژئاوا مایەی بایەخپێدان نین. ئیمرە کێرتەشی هەنگاری هەر بە منداڵی لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی نازییەکان زیندان کراوە، زۆربەی ڕۆمانەکانی باسی ئەو سەردەمەی ژیان خۆی دەکا، ئەڵمانەکان خۆیان دەیان ڕۆمانیان لە بارەی ئۆردوگاکانەوە هەیە، لەبەر ئەوە خوێنەری ئەڵمانی بە لای خۆیدا ڕاناکێشێ، هانا کراڵی پۆڵۆنیش بە هەمان شێوە.

ئەو هەوڵانەیشی دراون و من ئاگام لە هەندێکیانە

زۆربەیان سەرکەوتوو نەبوون. کاتێ نووسەری سودانی (طارق الطیب) بە یارمەتیی ژنەکەی کەوتە وەرگێڕانی کارەکانی خۆی، ڕۆمانی (مدن بلا نخیل) و شانۆنامەی (الاسانسیر) و کۆمەڵەچیرۆکی (الجمل لا یقف خلف اشاره حمراء) ئاگادارم کردەوە کە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و ئێمە هەرچی چەندە ئەڵمانییەکەمان باش بێ و وەربگێڕین دەرۆستی ئەوە نایەین دەقێکی ئەدەبی بە باشی بکەینە ئەڵمانی، لەبەر ئەوەیش ژنەکەی لە ئەدەبەوە دوورە و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامەی کەم خوێندووەتەوە ڕەنگ بێ نەتوانێ لە ڕاستکردنەوەی وەرگێڕانەکانیدا یارمەتیی بدات، بەڵام ڕەنگ بێ دەقێکی ئەڵمانی بە باشی وەرگێڕینە زمانەکانی خۆمان چونکە زمانی زماکی خۆمانە. ئەگەر لە سەرەتاوە چەند سەد کەسی ئەڵمانیزمان بۆ کۆڕەکان دەهاتن و گوێیان لە کارە وەرگێڕاوەکانی (طارق الطیب) دەگرت و خۆی بە عەرەبی دەیخوێندنەوە و «ئورزولا الطیب»ی ژنی بە ئەڵمانی، لە دواییدا هەرچەند کەسێکی کەم لە کۆڕەکەدا بوون بە پەنجەی دەستێک دەژمێردران و زوو کۆتایی بە کۆڕەکە دەهێنرا و دەچووین لە بارێک دادەنیشتین و درێژەمان بە گفتوگۆ دەدا. لێرەدا دەمەوێ بڵێم، ئەزموونی خۆم فێری کردووم کە مرۆڤ دەبێ ئەو زمانە بێگانەیەی فێری بووە لێیەوە بۆ زمانە زگماکەکەی خۆی وەربگێڕێ، نەک لە زمانە زگماکەکەی خۆیەوە بۆ ئەو زمانەی بە گەورەیی فێری بووە. من وەکو کەریم پەڕەنگ ئاسانترە دەقێکی خۆم بە ئەڵمانی بنووسم وەکو دەقێک لە کوردییەوە بۆ ئەڵمانی وەربگێڕم، لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی لە کاتی نووسینی دەقێکی خۆتدا ئازادی لە گۆڕانکاری و لابردن و خستنە سەر و پاش و پێشکردنی دەق و ڕستە و وشە و دەستەواژەکان، لە لایەکی دیکەوە وەرگێڕ پابەندی ئەو دەقەیە کە وەریدەگێڕێ. لەم ڕۆژانەدا ڕۆمانێکم بە کوردی خوێندەوە، ماوەیەکی زۆرە دەقێکی کوردی وا جوانم نەخوێندووەتەوە، لە هەندێ چرکەساتدا بیرم لەوە دەکردەوە هەوڵ بدەم ڕۆمانەکە وەربگێڕمە سەر زمانی ئەڵمانی، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم وەری بگێڕم، دەبێ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ڕۆماننووسەکەدا بەسەر بەرم و سەرلەبەری ڕۆمانەکە سەر لە نوێ بنووسینەوە بۆ ئەوەی بە خوێنەری ئەڵمانیزمان بخوێنرێتەوە. ڕەنگە لە دەقێکی کوردیدا ڕیزکردنی ناوی دە باڵندەی جیاواز و دوای ئەوە ڕیزکردنی ئەو دەنگانەی دەری دەکەن، هونەرئارایی بێ و سەرنجمان ڕابکێشێ، بەڵام وەرگێڕانی بۆ زمانی ئەڵمانی لە درێژدادڕێ زیاتر هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ و هەندێ جار منداڵانی قوتابخانە بۆ یاریکردن بە وشە لە زمانی ئەڵمانیدا بەکاری دەهێنن. هەندێ جار لە دەقێکی کوردیدا بۆ وەسفکردنی شتێکی ناشیرین چەند ئاوەڵناوێک بە دوای یەکدیدا ڕیز دەکرێن، لەگەڵ دەوڵەمەندی زمانی ئەڵمانیشدا و بوونی چەندان وشەی هاومانا بۆ ناشیرین، بەڵام لەو شوێنەدا کە ڕۆماننووسە کوردەکە نووسیویەتی هەموو مانای ناشیرین دەگەیەنێ، واتە ئەگەر سێ ئاوەڵناوە هاوماناکەی ناشیرین لاببەیت و وەری گێڕیتە سەر زمانی ئەڵمانی دەقە وەرگێڕادراوەکە جوانتر دەبێ. بورکهارت کرویبەر نەک هەر وەرگێڕی کارەکانی ئومبێرتۆ ئێکۆیە، بەڵکو هاوڕێیەتییەکی توند بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە. ئێکۆ دەگێڕێتەوە دەڵێ، کاتێ کە کارێک بە ئیتاڵی دەنووسم و فەسڵێکی

من لەو بڕوایەدام زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئێمە یان زۆر دەڤەرگەرا نووسراون و توانای ئەوەیان نییە سنووری کوردستان یان بەشێکی کوردستان ببەزێنن و بۆ خوێنەری شوێنی دیکە ناگونجێن، یان گەردوونگەرا نووسراون و بۆ خوێنەری ڕۆژئاوا مایەی بایەخپێدان نین

# گفتوگۆ

لێ تەواو دەکەم، یەکسەر دەینێرم بۆ کرویبەر، بۆ ئەوەی بزانم لە کاتی وەرگێڕانیدا تووشی ئاستەنگ دەبێ یان نا. ئێکۆ دەڵێ زۆر جار کارەکانم لەبەر ڕۆشنایی سەرنج و تێبینییەکانی کرویبەر دەسکاریی دەکەم و لە دواییدا دەقە ئیتاڵییەکەش دەگۆڕم و زۆر لە چەمک و ڕستەکان وەکو دەقە سەرەتاییەکە نامێننەوە.

(جەواد پارسای) و (جعفر سامعی) و (مینو ئیجلالی) لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆریان هەوڵدا ئەدەبی فارسی وەربگێڕنە سەر زمانی ئەڵمانی و ئەدەبی فارسی بە خوێنەری ئەڵمانیزمان بناسێنن، چەند نەمساوییەکیش یارمەتیی دەدان، بەڵام هیچ یەکێک لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی و نەمساوی و سویسری بۆیان بڵاو نەکردنەوە. ئەم وەرگێڕانانە لە ڕۆمانی مەحمود دەوڵەت ئابادی و شیعری فەروغ فروخزاد و سوهراب سپێهری پێکهاتبوون. جەواد پارسای ئازەرییەکی تەبرێزییە و لە کاتی خۆیدا لە ئێران گۆڤاری پژواکی دەرکردووە و لە شەست حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ زۆربەی نووسەرە باشەکانی ئێران بەرهەمی لە گۆڤارەیەکەیدا بڵاوکردووەتەوە، هەشت ساڵ لە ئامۆژگایەکدا لە ڤێنا بە یەکەوە کارمان کرد و لە نزیکەوە ئاگاداری پڕۆژەکانی بووم، پاش ئەوەی پڕۆژەکەیان سەری نەگەرت، ئومێدی ئەوە بوو کچەکەی گەورە ببێ و بە یارمەتی کچەکەی ئەم بەرهەمانە بکاتە ئەڵمانی، بەڵام کە کچەکەی گەورە بوو، تاقەتی شیعر و ئەدەبی نەبوو و بووە دکتۆر و فارسییەکەیشی بەشی ئەوەی نەدەکرد لە دەقی ئەفرێندراو بگات. من ئەم نموونانە بۆ ئەوە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی پێتان بڵێم وەرگێڕانی پێچەوانە کارێکی ئاسان نییە، درەختی ئەو زمانە زگماکەی لە نەستماندا ڕەنگی داکوتاوە و منداڵیمانی خەملاندووە زۆر جیاوازە لەو زمانەی بە گەورەیی فێری بووین و ڕەنگبێ هەرگیز نەتوانین دەقێکی ئەفرێندراوی پێ وەربگێڕین. زمانی سیاسەت و ڕۆژنامەوانی جیاوازە و نووسەر دەتوانێ ئاسانتر دەقی سیاسەت و ڕۆژنامەوانی وەرگێڕێ یان هەر بە زمانێکی بێگانە لەم بوارانەدا بنووسێ وەکو ئەدەب.

***سەبارەت بە وەرگێڕی تایبەتمەند بۆچوونت چۆنە، واتە وەرگێڕێک تەنها کاری وەرگێڕانی یەکێک لە ژانرە ئەدەبییەکان بکات، نەک لە چەند بوارێکی جیاجیادا؟**

-بێگومان هەر کەسێک چەندان ساڵ لە زمانەکەی خۆیدا خۆی بە بوارێکەوە خەریک کردبێ دەسەڵاتی زیاتر بەسەر وشە و ڕستە و چەمک و دەستەواژە و گوزارشتەکانی دیکەدا دەشکێ وەکو لە ژانرێکی بەو نامۆ. ئەوی لەگەڵ شیعردا گەورە بووبێ مەرج نییە بتوانێ دەقێکی فەلسەفی یان پزیشیکی وەربگێڕێ. بەڵام ئەگەر تەنیا وەرگێڕی دەقی ئەدەبی بێت، ئەوا من ئاستەنگێکی زۆر نابینم لە وەرگێڕانی دەقی ئیستستاتیکیدا بە شێوەیەکی گشتی، لەبەر ئەوەی ژانرە ئەدەبییەکان هەموو دەستەخوشکی یەکن، بەڵام کەوتووەتە سەر سەلیقەی وەرگێڕ. بێگومان وەرگێڕانی شانۆنامەیەک جیاوازە لە ڕۆمانێک، لەبەر ئەوەی شانۆنامە هەر لە سەرەتاوە وا بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە کە لەسەر شانۆیەک نمایش دەکرێ، هەتا ئەگەر خوێنەرێک وەکو دەقیش بیخوێنێتەوە، بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە، کە هەر لە سەرەتاوە بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە وەکو دەقێک بخوێنرێتەوە،

# هەندێ جار وا هەست دەکەم وەرگێڕی هیچ یەکێك لە زمانەکانی دیکەی دنیا بە قەد وەرگێڕی کوردی بەجەرگ نەبێ

هەتا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سیناریۆشی بۆ بنووسرێ و لە سەر شانۆ نمایش بکرێ یان بکرێتە فلیمی سینەمایی. هەندێ وەرگێڕی کورد هەن توانیومە دەقە وەرگێڕاوەکانیان لە ژانری ئەدەبیدا بە بێ گیروگرفت بخوێنمەوە، بەڵام بەرهەمی هەمان نووسەرم لە ژانرێکی دیکەدا خوێندووەتەوە و نەمتوانیوە یەک لاپەڕەی لێ تەواو بکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە ڕەخنەمان لە وەرگێڕانەکانمان نییە، بەراوردمان نییە، دەبێ وەرگێڕ بە سەلیقەی خۆی بزانێ لە کوێدا دەسەڵاتی بەسەر وەرگێڕاندا دەشکێ پەرەی پێ بدا و لەو شوێنەشدا کورت دەهێنێ دەستی لێ هەلگرێ.

بۆ هەموومان شەو و ڕۆژ بیست و چوار سەعاتە و کەسیشمان تەمەنی نوحمان نییە، هیچ مرۆڤێک نییە بتوانێ خۆی لە هەموو بوارێک بدا و لە هەموو بوارەکانیشدا سەرکەوتوو بێ، من لەگەڵ ئەوەدام مرۆڤ بزانێ سەلیقە و توانا و پسۆڕیی خۆی لە کوێدایە لەو بوارەدا پەرەی پێ بدا و هەوڵ بدا خۆی زیاتر تیادا ماندوو بکات. مرۆڤێک کە دەقێکی فەلەسەفیی زۆری نەخوێندبێتەوە، ناتوانێ لە پڕ کتێبێکی فەلسەفیی کانت، هێگل یان سارتەر بە باشی بکاتە کوردی، یەکێکی بە درێژایی ژیانی کتێبێکی دەروونزانیی نەخوێندبێتەوە ناتوانێ دەقێکی فرۆید، ئادلەر، یونگ یان ڕایش وەربگێڕێ، ئەدیبێک بە درێژایی ژیان دەقی ئەدەبیی خوێندبێتەوە ناتوانێ کتێبێکی تۆژینەوە وەربگێڕێ. ئەمە تەنیا تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەیەکی ئێمەدایە شاعیر دەبێ لە هەمان کاتدا چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و فەیلەسوف و دەروونزان و هەندێ شتی تریش بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە دونیای ئێمەدا ڕەخنە لە ئارادا نییە، کەس نانووسێ، من چەندان ڕۆمانم خوێندووەتەوە کە جوانت وەرگێڕاون، بەڵام ئەمە کتێبە فەلسەفییەی وەرت گێڕاوە لێی تێناگەم، بەوە دەچێ جەنابتان سەرتان لە فەلسەفە دەرنەچێ و بەرهەمەکە بە خۆتان هەرس نەکراوە، بە من چۆن هەرس دەکرێ. وەرگێڕیش ئاگای لە هەڵەکانی خۆی نییە و بەردەوام دەبێ.

***لە ئێستادا نێوەندی ئەدەبی و کتێبخانەی کوردی بە لێشاو کتێبی وەرگێڕدراوی تێدەکەوێت، ئەوەندەی تۆ ئاگاداربیت ئەو کارانە تا چەند سەرکەوتوون و جێگەی متمانەی خوێنەرن؟**

-لەم بیست ساڵەی دواییدا کتێبخانەی کوردی هەتا بڵێی قەبە بووە، کتێبێکی زۆری زمانە جیاوازەکانی دنیا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکەمان. من هەندێ جار وا هەست دەکەم وەرگێڕی هیچ یەکێک لە زمانەکانی دیکەی دنیا بە قەد وەرگێڕی کوردی بەجەرگ نەبێ. من وەرگێڕ دەناسم پۆڵۆنی و ئەڵمانی وەکو یەک دەزانێ، لەبەر ئەوەی لە ماڵباتێکی ئەڵمانی پۆڵۆنیایە. واتە خوێندنگە و ژیانی دەرەوەی پۆڵۆنی بووە و لە ماڵەوە بە ئەڵمانی قسەی کردووە و چەند ساڵێکیش لە ڤێننا مامۆستای ئەڵمانی بووە، بەڵام هەتا کتێبێک چەند جارێک نەخوێنێتەوە بڕیاری وەرگێڕانی نادات، دەڵێ من جاری وا هەیە ئەوەندە دوودڵم لە وەرگێڕانی بەرهەمێک، هەتا لە مێشکی خۆمدا و بە بێ ئەوەی وشەیەکم خستبێتە سەر کاغەز وەرم نەگێڕابێ بڕیاری وەرگێڕانی نادەم. بە پێچەوانەی ئەمەوە، جارێکیان نووسینی وەرگێڕێکی کوردم خوێندەوە وتبووی بیستبوومە فلان نووسەری ئەڵمانی بەرهەمێکی وای هەیە، بە دوای وەرگێڕانە

بۆ هەموومان شەو و ڕۆژ بیست و چوار سەعاتە و کەسیشمان تەمەنی نوحمان نییە، هیچ مرۆڤێک نییە بتوانێ خۆی لە هەموو بوارێک بدا و لە هەموو بوارەکانیشدا سەرکەوتوو بێ، من لەگەڵ ئەوەدام مرۆڤ بزانێ سەلیقە و توانا و پسۆڕیی خۆی لە کوێدایە لەو بوارەدا پەرەی پێ بدا و هەوڵ بدا خۆی زیاتر تیادا ماندوو بکات

# گفتوگۆ

عەرەبییەکەیدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی بیکەمە کوردی. سەیرە، بەرهەمێکی هێشتا نەتخوێندووەتەوە بڕیارت داوە وەری بگێڕی، ڕەنگبێ ئەمە یەکێک بێت لە تایبەتمەندییە هەرە دانسقەکانی وەرگێڕانی ئێمە. ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوەندە بەسە ناوی نووسەرێک و ناونیشانی کتێبێکی بەسەر کتێبێکەوە بێ و ئیدی شانازی بەوەوە بکەین، کە دەقێکی ئەو نووسەرەمان لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە، یان بە ڕاستی پێویستمان بە ڕۆحی دەقەکەی نووسەرەکە هەیە. بەڵام لە ئێستادا هیچ چارەسەرێکی دیکە بەدیناکەم هەتا خەڵکێکی زۆر فێری زمانە زیندووەکان نەبن و لە زمانە ئەسڵییەکانەوە دەست بە وەرگێڕان نەکەن.

من لەو بڕوایەدا نیم کێشەکە کێشەی وەرگێڕان بێ وەکو تەکنیک، وەکو هونەر، بەڵکو کێشەکە لە بونیادی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئێمەیە لە وەرگێڕان. بۆ ئەوەی لە وەرگێڕان تێبگەین دەبێ بۆچوونە کۆنە هەڵەکانمان بسڕینەوە و بە بۆچوونی تەندروست لەم هونەرە گرنگە جێی بکەینەوە.

بۆ ئەوەی بەر بەو لێشاوە بگرین کە پتر زیان لە کتێبخانەی کوردی دەدا وەکو قازانجی پێ بگەیەنێ.

کێشەی وەرگێڕان لە کولتووری ئێمەدا کیشەیەکی زۆر گەورەیە. من وا هەست ناکەم لای زۆربەی وەرگێڕەکان پرسی وەرگێڕان گەیاندنی پەیامێک بێت یان وەکو پرۆژەیەکی گرنگی کولتووری تەماشا بکرێ. ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوە بەسە کە ناوی نیتشە، کافکا، تۆڵستۆی، شەکسپیر، هتدمان بەسەر کتێبێکەوە خوێندەوە، ئێتر وەکو کتێبی ئەوان لێی بڕوانین.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لە ڕێی وەرگێڕانەوە کتێبخانەی کوردی بە قەوارە ڕۆژ بە ڕۆژ قەبەتر، بەڵام بە ڕۆح هەژارتر بکرێ. زۆر لەو تێکستانەی لەم ساڵانەی دواییدا کراونەتە کوردی، ئەدەبەکانیان هەژارتر کردووە، نەک دەوڵەمەند. زۆر تێکست دەبینم و چەند لاپەڕەیەکی لێ بەراورد دەکەم و بۆم دەردەکەوێ کەموزۆر پەیوەندیی بە تێکستە ئەسڵییەکەوە نییە. دەبێ ئەم پاشاگەردانییە سنوورێکی بۆ دابنرێ و خوێنەری کورد بەو دەقانە چەواشە نەکرێن. ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوەندە بەسە کتێبێک بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە کە تەنیا ناوی نووسەرەکە (ئەویش زۆر جار بە هەڵە)و ناونیشانی کتێبەکە (ئەویش زۆر جار بە هەڵە یان ناوێکی دیکە)و وەکو ناوەڕۆک زۆر لە دەقە ئەسڵییەکەوە دوورە.

وەرگێڕانی ئێستا زیانێکی گەورە لە پرۆسیسی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی دەدا.

هەندێ جار ئەو هەستەم لە لا دروست دەبێ وەرگێڕی کورد لە بڕوابەخۆبوون و بەخۆدا ڕاپەڕموونێکی بێ بنەماوە دەقی خراپ دەخاتە کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەگەر مرۆڤ هەندێ جار چەند لاپەڕەیەکی ئەم وەرگێڕانانە بە دەقە ئەسڵییەکان بەراورد بکات هەر زوو تووشی نائومێدی دەبێ. بێگومان لێرەدا مەبەستم هەڵەی تەکنیکی وەرگێڕان نییە، چونکە هیچ وەرگێڕێک نییە لە وەرگێڕانی ناوی درەختێکدا، باڵندەیەکدا، ئیدیۆمێکدا بە هەڵەدا نەچێ، یان بە هەڵە لە ڕستە و دەستەواژەیەکی زمانە ئەسڵەکە گەیشتبێ، بەڵکو مەبەستم ئەو وەرگێڕانانەیە لە هیچ پەیوەندییەکیان بە دەقە ئەسڵییەکەوە نییە و ناتوانن ئەو پەیامە بگەیەنن کە نووسەری ئەسڵی مەبەستی بووە.

# دەبێ ئەم پاشاگەردانییە سنوورێکی بۆ دابنرێ و خوێنەری کورد بەو دەقانە چەواشە نەکرێن

***لە کوردستاندا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی وەرگێڕان بچێتە ئاستێکی باڵاتر و پرۆفیشناڵانە کار لەسەر ئەو لقە گرنگەی رووناکبیری بکرێت؟**

-بە ڕای من هەوڵبدرێ هەتا دەکرێ دەق لە زمانی ئەسڵییەوە بکرێتە کوردی، بەڵام لەبەر ئەوەی لەمڕۆدا ئەم ئامانجە بە واقیعی نابینم، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە ئەو دەقانەی لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە دەکرێنە کوردی و ئەسڵەکەیان عەرەبی و فەرەنسی نییە، بە زمانزانێکی پسپۆڕ بدرێ و لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا بەراورد بکرێ، بێگومان من ئەم پێشنیارەم تەنیا بۆ ئەو دەقانە نییە کە لەمەودوا دەکرێنە کوردی، بەڵکو بە سەرجەمی ئەو بەرهەمانەی هەتا ئێستا وەرگێڕدراون و جارێکی دیکە چاپ بکرێن و کتێبخانەی کوردی لە وەرگێڕانە خراپەکان پاک بکرێتەوە.

دەزگاکان دەبێ لە کاتی هەڵبژاردنی دەقدا ئاگادارتر و لێپرسراوانەتر مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕاندا بکەن و ئامانجی هەمووان دەوڵەمەندکردن و جوانکردنی کتێبخانەی کوردی بێت، نەک تەنیا ژمارەی زۆری کتێب.

بێگومان ئەگەر بمزانیبا لە زانکۆکانی کوردستان لە هەر بوارێکی دیکەدا پسپۆڕ پێدەگەیەنرێ ئەوا پێشنیارم دەکرد، لە یەکێک لە زانکۆکانی کوردستان بەشی وەرگێڕان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوم زانستە بچێتە بوارێکی ئەکادیمی و پسپۆڕییەوە، بەڵام لە ئێستادا پێشنیارم ئەوەیە، گرنگیی زیاتر بە بواری وەرگێڕان بدرێ و لەو پاشاگەردانییە ڕزگار بکرێ و وەرگێڕەکانیش پتر بایەخ بەم لایەنە بدەن و زۆرکردنی کتێب تاقە ئامانج نەبێ، با نیوەی ئەو کتێبانە بکرێنە کوردی کە ئەمڕۆ لە دەزگاکاندا دەکرێنە کوردی، بەڵام دەقە وەرگێڕدراوەکان هەتا دەکرێ لە زمانی یەکەمەوە وەربگێڕدرێن، بێگومان دەزانم لەمڕۆدا ئەمە بە وایقیکردنی مەحاڵە، چونکە وەرگێڕێکی کەممان هەیە زمانە جیاوازەکانی جیهان بزانن و کتێبخانەی کوردی ناچارە ڕوو لە زمانی فارسی و عەرەبی بکا بۆ وەرگێڕان لەو زمانانەوە.

بەڵام من پێم سەیرە بۆ ڕۆمانێکی وەکو «بامداد خومار» ی «فەتانە حاج سعید جوادی» سەرنجی وەرگێڕێکی کورد ڕاناکێشێ ڕاستەوخۆ لە زمانی فارسییەوە وەری بگێڕێ، کەچی کە وەردەگێڕدێتە سەر زمانی ئەڵمانی زۆربەی لاپەڕە ئەدەبییەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا بە دەقێکی دانسقە و نایابی لە قەڵەم دەدەن و زۆر ڕەخنەگر پەسنی دەدەن. ئەم ڕۆمانە لە ئێرانیش لە کاتی دەرچوونیدا چەندان مانگ پڕفرۆشترین کتێب بووە. کەچی وەرگێڕی کورد کوندێرا لە فارسی یان عەرەبییەوە وەردەگێڕێ. کوندێرا هەتا چەند ساڵێک پێش ئێستا بە چیکی نووسیویەتی، زمانی چیکی وەکو زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی نییە. چیکەکان یەکێکن لە گەلە بچووکەکانی ئەورووپا و وڵاتەکەیان ژمارەی دانیشتوانەکەی دە ملیۆن و نیوە، بۆیە بۆ زۆر وەرگێڕ و بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات مایەی ئەوە نییە وەرگێڕ فێری زمانەکەیان بێت. من لەو بڕوایەدا نیم خەڵک هەبن بەتایبەتی فێری زمانی چیکی بن بۆ ئەوەی لەم زمانەوە دەق وەربگێڕن و عەوداڵی ئەدەبەکەیان بن. لەبەر ئەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانێکی دیکە، لەو زمانەوە بۆ زمانی فارسی، لە فارسیشەوە بۆ کوردی، جا خۆتان سەرپشک بن بزانن کوندێرا بە کوردی

ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوەندە بەسە ناوی نووسەرێک و ناونیشانی کتێبێکی بەسەر کتێبێکەوە بێ و ئیدی شانازی بەوەوە بکەین، کە دەقێکی ئەو نووسەرەمان لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە، یان بە ڕاستی پێویستمان بە ڕۆحی دەقەکەی نووسەرەکە هەیە

چەندە بۆن و بەرامەی کوندێرای چیکی پێوە ماوە. مەحمودی دەولەتئابادی خەریکە شوێنگەیەکی تایبەتی لە لای خوێنەری ئەڵمانی پەیدا دەکا، کەچی بۆ وەرگێڕی کوردی فارسیزان ئەوەی پێ ڕەوا نابینرێ ڕۆمانەکانی بۆ کوردی وەربگێڕن. نەجیب مەحفوز لەوەتەی نۆبڵی وەرگرتووە زۆربەی کارەکانی وەرگیرپدراون، بەڵام وەرگێڕی کوردی عەرەبیزان دەچێ ڕۆمانێکی ئینگلیزی یان ئیسپانی بۆ عەرەبی وەرگێڕدراو دەکاتە کوردی. بێگومان من باش دەزانم خوێنەری کورد چۆن پێویستی بە ڕۆمانەکانی دەولەت ئابادییە ئاواش پێویستی بە ڕۆمانەکانی سەلمان ڕوشدییە، چۆن پێویستی بە نەجیب مەحفوزە ئاواش پێویستی بە کافکایە، چۆن پێویستی بە گولشیرییە ئاواش پێویستی بە بۆرخێسە، بەڵام ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوە کوندێرایە لە فارسییەوە کراوە بە کوردی، ئەوە کافکایە لە فارسی و عەرەبییەوە کراوە بە کوردی. ئەوە مانا و مەبەست و پەیام و ناوەڕۆکی نووسەرەکانیان ئێمە بە کوردی دەیانخوێنینەوە، یان داڕشتنەوەی وەرگێڕی عەرەب و فارسە بە خراپی بە ئێمە دەفرۆشنەوە؟

بە کورتی دەمەوێ بڵێم: ئەو پاشاگەردانییەی وەرگێڕان ئەمڕۆ ماڵی کتێبخانەی کوردی وێران کردووە دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ و خوێنەری کورد بە دەقگەلێک چەواشە نەکرێن کە کەم و زۆر پەیوەندیی بە دەقە ئەسڵییەکەوە نییە و وەرگێڕی عەرەب یان فارس بە ئارەزووی خۆی و بە بێ هیچ سەلیقە و لێزانییەک پەڕ و باڵی کردووە.

بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دراوسێمان ئێمە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە کۆچمان بۆ وڵاتە بێگانەکان کردووە و ئەو ماوەیەش لە ژیان ئەدەبی گەلێکدا زۆر کورتە، من ئومێدەم ئەوەیە لە بیست، سی ساڵی دیکەدا کوردێکی زۆر فێری زمانە بێگانەکان ببن و ڕاستەوخۆ لەو زمانانەوە وەربگێڕن، نەوەکو لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، مێژووی داگیرکاری و هەڵسوکەوتمان لە گەڵ عەرەب و فارسدا کۆنە و بۆ چەندان سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و کورد زمانەکەیان دەزانێ و ئەوانیش زووتر کەوتوونەتە وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەوە، لەبەر ئەوە وەرگێڕی کورد زۆر پشت بەو دوو زمانە دەبەستێ بۆ وەرگێڕان لێیانەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی وەرگێڕ و خانەی بڵاوکردنەوەکانی ئەو دوو زمانە جێگەی متمانە نین و لە وەرگێڕاندا ئازادییەکی زۆر بە خۆیان دەبەخشن، لەمڕۆشدا من هیچ ئاڵتەرناتیڤێک بۆ ڕێگەگرتن لەم دیاردەیە نابینم، ئەوە نەبێ دەزگاکانی خۆمان هەوڵ بدەن خەڵکی زمانزان وەکو پسپۆڕ دامەزرێنن دەقە وەرگێڕدراوەکان بە ڕاستی لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکاندا یان لەگەڵ دەقی زمانێکی زیندووی جیهانیدا بەراورد بکەن، چونکە بەراورد لە وەرگێڕان ئاسانترە. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە ڕێی وەرگێڕانەوە بە چۆنێتی دەبێ نەک بە چەندێتی.

***کارو پرۆژەی تازەتان لە بواری وەرگێڕاندا چییە؟**

-بەوە دەچێ قەدەری نووسەری کورد ئەوە بێ کە لە نێوان نووسین و ژیاندا یەکێکیان هەڵبژێرێ، واتە مەحاڵە ئێمە بتوانین لە یەک کاتدا بنووسین و بژین، وەکو مرۆڤە ئاساییەکان. ڕاکردن بۆ زامنکردنی بژێوی ژیان بەشێکی گەورەی ژیانی زۆربەمانی داگیر کردووە، بەڵام وەکو نالی دەڵێ: ئەگەرچی عومری خدر و جامی جەمت بوو،

# وەرگێڕانی ئێستا زیانێکی گەورە لە پرۆسیسی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی دەدا

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو. ئەمە تراژیدیای ژیانی زۆربەمانە، کە کاتمان زۆر کەمە. زۆرجار ناتوانین بڕیار بدەین کامەیانمان زۆرتر حەز لێیە: ژیان یان نووسین. با چاوەڕوان بین، بزانین ئاینده چی لە گەڵ خۆیدا دەهێنێ. زۆر جار ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزوومان دەکوژێ و لە پرۆژەکانمان دوورمان دەخاتەوە. تەمەڵیی خۆیشم لەولاوە بوەستێ، من نووسەرێکی پڕ بەرهەم نیم، ئیدی ئەویش چ بە هۆی سەرقاڵیمەوە بێ بە پەیداکردنی بژێویی ژیانەوە یان بەهۆی تەمەڵیی خۆمەوە بێ.

بەڵام کە مرۆڤ دەخوێنێتەوە، هەموو وشەیەک، دەستەواژەیەک، ڕستەیەک جێپەنجەی خۆی لە زەینیدا بەجێدەهێڵێ. لەم ساڵانەی دواییدا چەند کتێبێکم خوێندووەتەوە کە یان خەریکی وەرگێڕانیانم یان ڕەنگە لە ئاییندەدا بیر لە وەرگێڕانیان بکەمەوە. بۆ ئەمساڵ لە پرۆژەمدایە دوو شانۆنامەی کورتی گیۆرگ بویخنەر لە کتێبێکدا وەربگێڕم. دەبوو میراتنامە خیانەتلێکراوەکانی میلان کوندێرا بە زنجیرە لە گۆڤاری «واتە»دا بڵاوبکرایەتەوە و دوایی لە دەزگای ئاراس بکرایە بە کتێب، بەڵام بەداخەوە نازانم لەبەرچێ ڕایان گرت. هەروەها کتێبی سێیەمی گوتارەکانی کوندێرا بە ناوی «پەردە»وە. ماوەیەکی زۆرە حەز دەکەم ڕۆمانی «شەوی لیشبۆنە»ی ڕاینەر ماریا ڕیمارک وەربگێڕم، هەروەها ڕۆمانی «دۆزینەوەی لەسەرخۆیی» ستێن نادۆڵنی و «یەعقوبی درۆزنی» یورەک بێکەر. بێگومان ئەمانە تەنیا پرۆژەن و لە کاتی خوێندنەوەیاندا بیرم لە وەرگێڕانیان کردووەتەوە و هیوادارم ئەگەر دەرفەتی وەرگێڕانیانم نەبوو، کەس نەیانکا بە ماڵ بە سەرمەوە.

دەبێ لە کۆتاییشدا ئەوە بڵێم وەڵامدانەوەی پرسیاری پرۆژەی داهاتوو لەم کاتەدا بۆم ئاسان نییە، چونکە لە کاتی شەڕدا زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ بەرچاو ڕوون بێ و وەڵامی لۆژیکی بداتەوە. من لە ئێستادا لە شەڕدام لەگەڵ خۆمدا، هیچ کاتێک لە ژیانمدا هێندە نووسینم نەخستووەتە ژێر پرسیارەوە، هیچ کاتێک لە ژیانمدا بە قەد ئێستا ڕۆژی چەندان جار ئەو پرسیارەم ڕووبەڕووی خۆم نەکردووەتەوە: «من بۆچی دەنووسم؟»

هیچ کاتێک بە قەد ئێستا نووسین ماندووی نەکردووم، نووسین لە لای من لەوە دەرچووە لەزەت و خۆشی و ئاسوودەییم پێ ببەخشێ، بەڵکو پتر زۆر لەخۆکردنە. لە کاتێکدا من لە بیرکردنەوەدام واز لە نووسین بهێنم، پرسیاری پرۆژەی داهاتووم لێدەکرێ، ئەمە شەڕەکە گەرمتر دەکا!

دەزگاکان دەبێ لە کاتی هەڵبژاردنی دەقدا ئاگادارتر و لێپرسراوانەتر مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕاندا بکەن و ئامانجی هەموومان دەوڵەمەندکردن و جوانکردنی کتێبخانەی کوردی بێت، نەک تەنیا ژمارەی زۆری کتێب